# دەنگی رۆژنامەنووسان و گوێچکەی دەسەڵات

## (پەیڤێك لە بارەی رەوشی کارەبای هەرێم)

محەمەدی مشیر

رۆژنامەنووسی راستەقینە ئەو مرۆڤە پیشەگەرە بزۆز و پڕجوڵەو ماندوونەناسەیە کە هەمیشە باری خەمی کێشە و گرفتە جۆراو جۆرەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە بێ جیاکاری و بێلایەنییەوە، دوور لە هەست و سۆزی رووت و بە ئەمانەتەوە، دەکاتە کۆڵی خۆیی و لە وتار و لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاژ و راپۆرتەکانیدا بە گوێچکەی دەسەڵاتی رادەگەیەنێ. بەپێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بێ رۆژنامەنووس لە لایەکیان پردێکە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر و، دەسەڵات لە کێشە وگرفتەکانی نێو کۆمەڵگە و رەوشی گشتی وڵات ئاگاداردەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشیان ئەو دەسەڵاتە لاسارەیە کە لەرێگەی فشارو پەستانی بەردەوامیدا دەسەڵات ناچار دەکات شێواز و چۆنیەتی کارەکانی باشتر رایی بکات و لە هەمان کاتیشدا بۆ جەماوەری بسەلمێنێ کە دەتوانێ بەکردە ببێتە دەسەڵاتی چوارەم و متمانەی خەڵك بە تواناکانی خۆی بەهێز بکات.

بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا باوە و ئاشکرایە، دەنگی رۆژنامەنووسە راستەقینەکان  تیژە و گوێچکەی دەسەڵاتیش لە گەڵ لەرەی ئەو جۆرە دەنگە یا درەنگ هەڵدەکا یا هەر ناسازێ، لە مەشیاندا هیوادارم بە هەڵەدا نەچووبم . یەکێ لەو دیاردانەی بە زەقی هەستی پێدەکرێ لە کوردستاندا ئەوەیە کە توێژی رۆژنامەنووسان وەك ئەرکێکی هەرە لە پێشی خۆیان هەمیشە بە دوای راگەیاندن و پەردە هەڵماڵینن لە رووی ئەو کێشەو گرفتە دزێوانەی باری خەڵك و رەوشی گشتی وڵات ئاڵۆزتر دەکەن و بە مانەوەیان دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبەن، کەچی لە بەرامبەردا هەست ناکەیت دەسەڵاتداران لە لایەن خۆیانەوە مشتێك لە خەرواری ئەو تێبینییە ووردانەی رۆژنامەوانان لە بەرچاو بگرن و رۆژنامەنووس و هاووڵاتی والێبکەن هەست بکات گۆڕانێك یا ریفۆرمێك سەبارەت بەو کێشانەی لە لایەن ئەوەوە دەخرێنەڕوو لە ئارادایە. ئەمەش مایەی داخە چونکە رۆژنامەگەری ئەگەر بە شێوەیکی بابەتییانەی دوور لە بیرتەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندی کەسایەتی بەرپرسانی حزبی و حکومی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، ئەوا پێویستە(دەسەڵات) بە چاوساغ و رێنماییکارێکی خۆبەخشی بزانێت و بە شانازییەوە چارەسەری خێرای ئەو گرفت و کێشانە بکات کە کەسی رۆژنامەوان بە پاککراوی دەیانخاتە بەردەم دەسەڵات. ئەمەش بەو مانایە نایەت هەروەکو هەندێك وای بۆ دەچن کە ئەو رۆژنامەنووسە حەتمەن سەر بە دەسەڵاتە یا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرژەوەندییەکانی لە لایەن دەسەڵاتەوە دابینکراوە یاخود سەر بە حزبێکە لە دەسەڵاتدا بەشدارە بۆیە دەوێرێ ئەو شتانە بوروژێنێت و باسیان بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر دوور لە تانەوتەشەرەی نابەجێ و بێ بنەما سەیری ئەو تێز و بابەتانە بکرێت کە رۆژنامەنووسی راستەقینە دەیانخاتەڕوو، رەنگە ئەو کاتە زۆربەمان بگەینە ئەو قەناعەتە کە (هەموومان لە ناو کەشتییەکە دایین)بەڵام بە جیاوازییمانەوە، بۆیە مەرج نییە وەك ئەوانەی پێیان وایە هەر رەخنەیەك لە دەسەڵاتەوە رێگەی نەدرابێت بڵاوناکرێتەوە یا خود رووناکی نابینێت، یاخود لەوانە بێت کە لینکی پەیوەندییەکانیان بە ئاشکرا دیارەو بە بۆنەی ئەوانیشەوە خەڵك لە هەرچی رۆژنامەنووسی ئەم وڵاتەیە بە گومانە و لە هەرچی بابەتێکیش کە لە بەرژەوەندیاندایە دەسڵەمێتەوە و باوەڕی بە دڵسۆزانی ئەو دەسەڵاتی چوارەمەش نەماوە!

گەر ئەم بۆچوونە لە نێو خەڵکدا برەوی هەبێ و درێژە بکێشی لە دەرەنجامی کۆتاییدا بە زیانی هەمووان کۆتایی دێت. ئەمەش بەو مانایە دێ کە چیتر خەڵك باوەڕیان بەوە نەمێنێ کە رۆژنامەنووسی سانسۆرێکی بنیاتنەرە شتە خراپەکان دەروخێنێ و شتە جوانەکان پێشنیار دەکا و، لایەنە گەندەکانی  رەفتار و کارەکانی دەسەڵات بە مەبەستی چارەسەر ئاشکرادەکات . کە سانسۆریش لە هەر وڵاتێکدا نەما ئەوا ئەو وڵاتە وێرانەیە و چاوەڕوانی دۆخی باشتری لێناکرێت.

ئەگەر ئاوڕێك لەو کێشە و گرفتانە بدەینەوە کە زیاتر لە رۆژنامەنووسێك و پتر لە رۆژنامەیەك باسیان لێوە کردوون ، دەبینین هێشتا بەشی زۆری کێشەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە و هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دوواوە دەنێن . یەکێ

لەو کێشە زەقانەی سالآنێکە یەخەی خەڵکی کوردستانی گرتووە، کێشەی کارەبایە بە تایبەتیش لە وەرزی گەرمی هاویندا، ئەم کێشەیە هێندە باسکراوە، مرۆ کە دەیەوێ لە نۆژەنەوە باسی بکات تووشی سەر ئێشە دەبێ و دۆشدادەمێنێ و پرسیاری ئەوەی لە لا دروست دەبێ کە ئایا ئەم باسکردنەشی وەك ئەوانی پێشوو لە لایەن دەسەلآتەوە فەرامۆش دەکرێ ؟ ئایا خەڵك ئامادەیی ئەوەیان تێدا ماوە گوێ لەم باسانە بگرن؟ ئایا بۆچی دەسەلآت بەجیددی بیر لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ناکاتەوە؟ ئایا هۆکارەکانی چارەسەرنەبوونی ئەم کێشەیە چین؟...

چارەسەر نەبوونی ئەم کێشەیە بۆ جەماوەری کوردستان بۆتە مایەی نیگەرانی و هۆکارێکی گرنگ بۆ هەستکردن بە نەگۆڕان و گوێ داخراوی دەسەلآت، چونکە لەم ولآتەدا کەس نەماوە نەزانێ کە هەرچی فەرمانگە و دامەزراوەی حکومەت و ماڵە بەرپرسی گەورەی حزبی و حکومی هەیە بەو هەموو سپلیت و ئامێرە کارەباییەوە تەنانەت چرکەیەکیش وزەی کارەبایان لێنابڕێ، کەچی هاوولآتی ماوەی شازدە ساڵە تا ئێستاش نازانێ خشتەی کارەباکەی چۆنە و چۆن چارەسەری نەبوونی کارەبا بکات. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی چارەسەر نەبوون و مانەوەی ئەم کێشەیە بە درێژای ئەو هەموو ساڵە، لە تەك کۆمەڵێ هۆکاری دیکە، ئەوەبێت کە هیچ سانسۆرێکی حکومی بە سەر ڕەوشی بازرگانی ولآتدا نەبێ و کەسێ نەپرسێ ئەرێ ئەو هەموو ئامێرە کارەباییە پڕ مەسرەفانە بە ڕەوای چ حەقێکەوە دێنە ناو بازاڕەکانی ولآت و چ لایەنێك ڕێگە دەدات هەرچی کەلوپەل و ئامێری مودێل کۆن و سواوەی کۆمپانیای نەناسراوی جیهان هەیە لە ڕێگەی بازرگانانی کوردستانەوە بهێنێرنە نێو کوردستان لە کاتێکدا خۆمان ماوەی 16 ساڵە کێشەی کەمی و نەبوونی وزەی کارەبامان هەیە؟؟؟

لە هەموو جیهانی پێشکەوتوودا سیستەمی گەرم و ساردکردنەوە سانتڕاڵە و ڕەنگە چارەکی ئەو سپلیتانەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بەکاردەهێنرێن، وزەی کارەبای پێویست نەبێت، لە کاتێکدا ئەوان کێشەی کارەبایان نییە و سەرباری ئەوەش دەزانن چۆن دەست بەو سامانە نیشتمانییەوە بگرن لە پێناو بە ختەوەری هاوولآتییانی خۆیان، بەلآم لە لای ئێمە کەسێ (لەو بێکارەباییەدا) ناپرسێ ئەرێ ئەو هەموو سپلیتە بەچ نیازێکەوە دەهێنرێنە کوردستان و چ دەستێك لە پشتەوەی بەفێڕۆدانی سامان و سەرمایەی نیشتمانیمانە؟؟ چ سیاسەتێك ویست و حەزی هاوولآتیانمان ئاڕاستەی ئەو ئاقارە زیان بەخشە دەکا و بە کپی هەموو سامانەکانمان بە فیڕۆدەدات؟ چ دەستێك ڕێگەی بەوە دا لە ماوەی 16 ساڵدا سەدان هەزار مۆدێلەی کارەبایی جۆرا و جۆر و کوالیتی خراپ بە ناو بازاڕەکانی کوردستاندا بلآوبکرێنەوە و هاوولآتی ناچار کەن بە ئەڵتەرناتیڤی کارەبایان بزانێ، لە کاتێکدا زۆر زووتر دەکرا حکومەت بە چارەکی ئەو ملیۆنها دۆلارەی بۆ ئەم مەبەستە سەرف کراوە، خۆی چارەسەری ئەم کێشەیە بکات؟ چ لایەنێك بەرپرسە لە سەر چاودێریکردنی کوالیتی ئەو ئەو هەموو ئامێرە کارەباییانەی دێنە ناو بازاڕەکانی کوردستان؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری چارەنووسساز چاوەڕوانی وەلآمن لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردستان.

پێشگرتن لە بەفیڕۆچوونی سامان و دارایی نیشتمانیمان ئەرکێکی هەنووکەیی و بەپەلەی حکومەتی هەرێمە و فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ بەهێز مانەوە و سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان ، لە هەمان کاتیشدا ڕێگرتنە لە چاوچنۆکی ئەو بازرگانانەی بۆ خاتری هەرچی قازانجی زیاتریان ئامادەن سەودا بە سەروەت و سامان و تەنانەت سەروەری ولآتیش بکەن .